وەزارەتی پەیوەندییەکان پڕۆژەیەکی نوێ بۆ خزمەتکردنی زیارەتکاران لە نەجەف ڕادەگەیەنێت



ئەمڕۆ هەینی،هیام یاسری وەزیری پەیوەندییەکان دەستپێکردنی پڕۆژەی سیستەمی پەیوەندیی یەکگرتووی بۆ خزمەتکردنی زیارەتکارانی نەجەف ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی پەیوەندییەکاندا کەدەستی موتابیع کوتووە، تەیدا هاتووە: ”هیام یاسری وەزیری پەیوەندییەکان لە حەوشەی فاتیمەی زەهرا (سڵاوی خوای لەسەر بێت)، کە سەر بە مەزارگای عەلەوی پیرەزە لە چوارچێوەی گەڕەکی ئیمام عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) پڕۆژەی سیستەمی پەیوەندیی یەکگرتووی لە پارێزگای نەجەفی پیرەز دەستپێکرد کە هاوکاتە لەگەڵ ئامادەکارییەکانی بەردەوامبوون بە یادکردنەوەی زیارەتی ئەربەعینی ئیمام حسێن (سڵاوی خوای لێبێت)“.

ڕاگەیەندراوەکە ڕوونیکردووەتەوە: "پڕۆژەکە یەکەمین پڕۆژەیە لە جۆری خۆیدا لە عێراق، بۆ پێی سەرجەم کەمپانیاکانی پەیوەندییەکانی کارپێکردن یەکدەخات بۆ یەک سیستەم کە تەواوی ڕووبەری مەزارگەی پیرەز دەگرێتەوە، کە لە 270 هەزار مەتر چوارگۆشە تەدەپڕێت، بەسەر پێنج نهەمدا دابەشکراوە. پڕۆژەکە پشت بە ژێرخانێکی پێشکەوتوو دەبەستێت کە پێکهاتووە لە زیاتر لە 350 خاڵی پەیوەندیکردن و درێژکردنەوەی تا 14 مەتر لە ژێر زەویدا، ئەمەش ڕێگە بە سیستەمەکە دەدات کە لە ژێر زەویدا بتوانێت". زیاتر لە 100,000 بەکارهێنەری هاوکات لەخۆبگرێت بۆ پێشان یان دەستوەردانی

خزمەتگوزاری."

لە وتەکانی دەستپێکیدا، وەزیری پەیوەندییەکان جەختی لەوە کردەوە کە وەزارەت پابەندە بە دابینکردنی ئینتەرنێتی بەبەرامبەر لە وەرزی زیارەتەکانی ئەربەعین، کە لە دەروازە سنووریەکانەوە دەستپێدەکات و بە ٢٠٠گاکانی زیارەتکاراندا تەدەپەڕێت بەسەر هەموو مەزارگە پیرۆزەکانی نەجەف، کەربەلا، کازمیە، و سامەرا. هەروەها وەزارەت پشتگیری لە وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی حەشدی شەعبی دەکات بۆ تەلی هووناکی و خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بەبەرامبەر بە چاودێریکردنی کامێراکان و پاراستنی پەیوەندییەکان. هەروەها وەزارەتەکە کارئاسانی بۆ کەمپانیاکانی مۆبایلی عێراقی و ئێرانی لە سەرجەم دەروازە سنووریەکان کردووە.

یاسیری ڕایگەیاند: ”دەرکردنی کەمەک مۆری پێستە کە هووداوی کەربەلا و هووداوەکانی زیارەتی ئەربەعینی دەکیەمەنت دەکات، بۆ ناردنی پەیامێک بۆ جیهان سەبارەت بە قوربانییەکانی ئیمام حسێن (سەاوی خوای لێبێت) و بنەماڵەکەی و هاوەڵانی“.